What is eBUS ?

(ئی بەس) چیە ؟

زۆر جار گوێتان لە ئەندازیارەکان یان مامۆستاکانی خولی ڕاهێنان ئەبێت باسی (ئی بەس) ئەکەن بەلام زۆربەمان تەقەی سەرمان دێت و تەنانەت ئەوەندە لەم ووشە و بابەتە ئەترسین مێشکمان جام ئەبێت وا ئەزانین لە دەرەوەی سنووری تێگەیشتنی ئێمەیە.

بڕوا بکەن وا نیە و زۆر ئاسانە ... با مامی خۆتان هەندێك بۆتان ئاسان تر بکات

(ئی بەس) زمانی ئاخاوتنی ئامێرەکانە ڤایلانت بەکاری ئەهێنێت تاوەکو بەرهەمەکانی ڤایلانت پێکەوە قسە بکەن و پەیوەندی بکەن لەگەڵ یەکتری.

چۆن چۆنی ؟؟

ئەم زمانە زیرەکەی پەیوەندی کردنە ڕێگە خۆش ئەکات بۆ کۆمبیەکانی ڤایلانت تاوەکو بڕیاری چڕ و پڕ بدەن نەك هەر هەلکردن و کوژاندنەوە.

ئی بەس ڕێگە ئەدات بە بەرهەمەکانی ڤایلانت ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە سیستمی شۆفاژ داوای ئەکات

بۆ نموونە (ئی بەس) ڕێگە ئەدات بە کۆنترۆڵەرەکان بۆیلەرەکەت بۆ ئیش پێ بکات لە (٪٢٠) مۆدیولەیشن ی بێرنەر.

ئەگەر داواکاریەکی زۆر کەم هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی ژوورپێویست ناکات بە فوولی ئیش بکات

ئەو شێوازی ئیشکردنی مۆدیولەیشنەیە کە بەرزترین کەفائەت ئەبەخشێت بە کۆمبیەکەت و کەم سەرفکردنی غاز.

ئەتوانێت سێنسەری کەش و هەوای دەرەوە بەکار بهێنێت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە لەگەڵ ڤی ئاڕ سی حەوت سەد (VRC 700) وە بۆ ڕەچاوکردنی کەش و هەوای دەرەوە و ناوەوەی ماڵەکە

بۆیە کە داوای پلەی گەرمی ٢١ ژوور ئەکەین بە ڕاستی ٢١ پلەمان بۆ دابین ئەکات

(ئی بەس) بەردەوام داتای سیستمی شۆفاژەکە کۆ ئەکاتەوە و ئەتوانێت خەلەل و فۆڵت کۆدەکان بنێرێت بۆ ئامێرەکان و بۆ بەکاربەر لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە

Vaillant VR-32

کۆمبی بۆیلەری ئیکۆتێك پڵەس لە ڕێگای ئەم پارچەیەوە پەیوەندیەکان و ئەرکەکانی ئەنجام ئەدات

ڤی ئاڕ ٣٢ لەسەر کۆنترۆڵ بۆردی ڤایلانت ئەبەسترێت

